*هەواڵی ڕۆژنامەوانی*

*دەرچوو: کانونی دووەم/ 2016*

## ژمارەی پێوانەیی بۆ مانگی کانونی یەکەمی 2015 لە هەرێمی کوردستان بەرز بووتەوە.

**ژمارەی پێوانەیی لە مانگی کانونی یەکەمی 2015 گەیشتە 149.9٪, کە بە بەراورد لەگەڵ مانگی ڕابردوو بە ڕێژەی 0.9٪ بەررز بوونەوە پێشان دەدات و بە بەراوورد لەگەڵ کانونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو نزم بووتەوە کە ڕێژەکەی دەگاتە 1.5٪.**

**هۆی ئەم بەرز بوونەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی بەشی خانوو (خانوو, ئاو, کارەبا, غاز) بە ڕێژەی 20.6٪ و بەشی خواردن و خواردەمەنیە ناکهولیەکان بە ڕێژەی 1.2٪ . هۆی سەرەکی بەرزبوونەوەی بەشی خانوو دەگەڕێتەوە بۆ بەرز بوونەوەی نرخی کارەبای موەلیدە بازرگانیەکان بە ڕێژەی 77.0٪ , و بەرز بوونەوەی بەشی خواردن و خواردەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ بەرز بوونەوەی نرخی سەوزە بە ڕێژەی 4.6٪ و میوە بە ڕێژەی 0.3٪.**

**هەڵاوسانی مانگانەو ساڵانە بۆ مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2015**




**جیاوازی بەدی دەکرێت لە تۆماری ژمارەی پێوانەیی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی کانوونی یەکەمی 2015. پارێزگای هەولێر ژمارەی 161.7٪ تۆمار کراوە کە بەرامبەر بە مانگی تشرینی دووەمی ئەم ساڵ بە ڕێژەی 0.9٪ بەرز بوونەوە پێشان دەدان. هاوشێوەی پارێزگای هەولێر, بەرز بوونەوە بەدی دەکرێت لە ژمارەی پێوانەیی لە پارێزگاکانی دهۆك (144.8٪) و سلێمانی (142.0٪) بە ڕێژەی و 2.0٪ و 0.3٪ یەك لە دوای یەك.**




*بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە:*
*تەلەفۆن: 00964(0)662559170*
*ئیمێل: contact@krso.gov.krd*
*مالپەڕ: www.krso.gov.krd*

*زنجیرە 35*